الجريدة الرسمية .

جوهر نامق سالم
رئيس المجلس الوطني لكوردستان
العراق

**الاسباب الموجبة**

بعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان العراق وماتلته من خطوات تشريعية وادارية واعلان النظام الفيدرالي لكوردستان العراق، وجد من الضروري اعادة النظر في موضوع التنظيم المهني للتجار والصناعيين في الاقليم لضمان ايجاد تنظيم مهني شامل يستطيع الاضطلاع بمهامه ودوره في تنشيط وتطوير التجارة والصناعة في الاقليم والعمل على ازدهارهما ويستجيب للمتغيرات السياسية والاجتماعية والاقتصادية الحاصلة ولاجل ذلك فقد شرع هذا القانون .

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بریار: ٣١
میژووی بریار ١٩٩٣/٦/١٤

**بریـــــار**

بەپێی حوکمی برگەی(١)لەمادەی( ٥)ی یاسای ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢و لەسەر پیشنیازی وەزیری ئەشغالو نیشتەجی کردن‌وبریار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانی‌ی کوردستانی عیراق لەدانیشتنی روژی ١٢/ / ١٩٩٣ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا :-

**یاسای ژمارە (١٣)ی سالی ١٩٩٣**

**یاسای وەزارەتی ئەشغالو نیشتەجی کردنی هەریمی کوردستانی عیراق**

**( پیناسەکان )**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە .
هەریم : هەریمی کوردستانی‌عیراق
وەزارەت : وەزارەتی ئەشغالو نیشتەجی کردن
وەزیر:وەزیری ئەشغالو نیشتەجی‌کردنی هەریم.
بریکار: بریکاری وەزارەتی ئەشغالو نیشتەجی‌کردنی هەریم .

ماددەی دووەم : وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجی دێنی : -
١- جی‌بەجی کردنی پروژەکان لەبواری خانووبەرەی گشتی‌و نیشتەجی کردن‌و ریگاوبان‌و پردو فروکەخانەو ئووتیل‌و پیشنیازکردنی نەخشە بویان لەچوارچیوەی نەخشە گشتی‌یەکانی هەریمدا .
٢- سازدانی لیکولینەوەی تایبەتی بوکەرتی بیناکاری‌و ریگاوبان‌و پردولیکولینەوەی سوودی ئەو پروژانەی لەلایەنی ئەوەوە پیشنیاز دەکرین لەرووی هونەری‌و ئابوری- یەوەو دانانی سکیج‌و بەرنامەی کار بو ئەوپروژانەی پی‌ی دەسپیردرین .
٣- سازدانی‌کاری( سیطرەی نوعی )لەسەر پروژەکانی بیناکاری‌وکەلوپەلی بیناکردن سەبارەت پروژەکانی خوی‌و بەشداربوون لەئامادەکردنی پیوانەی هونەری ( المواصفات الفنیه ) بەپی‌ی بارودوخی سروشتی .
٤- سەرپەرشتی‌ی جی‌بەجی کردنی ئەو پروژانەی پی‌ی دەسپیردرین‌و بەدوادا چوونیان‌و دروستکردن‌و پارا

ستنی ئەو ریگاوبانە گشتی‌یانەی دەکەونە دەرەوەی-
سنووری شارەوانی‌یەکان و پاراستنو بەگەڕ خستنی پردەکانو ویستگەکان، وەزنکردنی سەرسنوورەکانو شوێنی پەرینەوەو توونیلەکان لەگەل (تاءسیس) کردنو پاراستنیاندا.

٥- بەلین بەستن لەگەل ریکخراوەمروفایەتی‌یەکانو لایەنە کارگەرەپسپورەکان لەهەرێمدا بۆ جی‌بەجی کردنی ئەو پروژانەی لەچوار چیوەی تایبەتکاری‌یەکاندایە بەرێکخستن لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

٦- هەولدان بۆ دابینکردنی کەلوپەلی بیناکردنو سەرچاوەی پارەو پوولی خۆیی لەفەرمانگەو دەزگاکانی وەزارەت.

( دامودەزگاکانی وەزارەت )

مادەی سی‌یەم: مەلبەندی وەزارەت لەمانە پیکدی: -

١- وەزیر: سەروکی بالای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە رینوینی کردنی لەکارەکانیدا وسەرپەرشتی‌وچاودیریکردنی چالاکی‌یەکانی و لەوەوە ئەو رینمایی وبریارو فەرمانانە دەردەچن کەپەیوەندی‌یان بە ئەرکەکانی وەزارەتو دامودەزگاکانی و گشت کاروبارە ئیداری‌و دارایی‌و ریکوپیکی‌و هونەری‌یەوە لەچوارچیوەی حکومەتەکانی یاساو پەیرەو دا هەیە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران دا بەو مانایەی ئەندامیکی هاوبەشیتی بەر پرسیارە و بوی هەیە هەندی لە دەسەلاتەکانی بە بریکار یا بەریوەبەرە گشتی‌یەکان یا هەر کەسیک بەپەسەند بزانی بسپیری.

٢- بریکار: ئەو ئەرکانە بەجی دینی کە وەزیر پی‌یان دەسپیری.

٣- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەریک بەپلەی بەریوەبەر لەکارمەندانو لیهاتووان سەروکایەتی‌ی دەکاو چەند فەرمانبەریک یاریدەی دەدەن.

٤- نووسینگەی بریکار: فەرمانبەریک لەکارمەندان ولیهاتووان سەروکایەتی دەکا.

٥- بەریوەبەریتی کاروباری یاسایی.

٦- بەریوەبەریتی‌ی چاودیری‌وپیداچوونەوەی دارایی.

٧- بەریوەبەریتی‌ی نەخشەدانانو بەدواداچوون: فەرمانبەریک بەپلەی بەریوەبەر سەروکایەتی‌ی دەکا کەباوەرنامەی سەرەتایی‌ی زانکوی لەزانستی‌یەکانی ئەندازەی مەدەنیدا هەبی.

٨- بەریوەبەریتی‌ی کارگەو کوگاکان: فەرمانبەریک بەپلەی بەریوەبەر سەروکایەتی‌ی دەکا کەباوەرنامەی سەرەتایی زانکوی لەئەندازەی میکانیکدا هەبی.

ماددەی چوارەم: دیوانی وەزارەت لەم بەریوەبەریتی یانە پیکدی: -

١- بەریوەبەریتی‌ی گشتی‌ی دیوان: فەرمانبەریک بە پلەی بەریوەبەری گشتی سەروکایەتی دەکا کەباوەرنامەی سەرەتایی‌ی زانکوی هەبی و لەکارمەندان و پسپوران بی و ئەم بەریوەبەریتی‌یانەی پیوە دەبەسترینەوە: -

آ- بەریوەبەریتی کاروباری ئیداری‌و کەسان.

ب- بەریوەبەریتی‌ی کاروباری دارایی.

٢- بەریوەبەریتی‌ی گشتی‌ی ریگاوبانوپردەکان: فەرمانبەریک بەپلەی بەریوەبەری گشتی سەروکایەتی‌ی دەکا کەباوەرنامەی سەرەتایی‌ی زانکوی لەزانستی‌یەکانی ئەندازەی مەدەنیدا هەبی‌و لەکارمەندان بی‌و بەریوەبەریتی‌یەکانی ریگاوبانو پردەکانی پاریزگاکانی هەریمی پیوە دەبەستریتەوە.

٣- بەریوەبەری گشتی خانووبەرەو نیشتەجی‌کردن:

فەرمانبەریک بە پلەی بەریوەبەری گشتی سەروکایەتی دەکا کە باوەرنامەی سەرەتایی ی زانکوی لە زانستی یەکانی ئەندازەی مەیدانی‌دا هەبی و لە کارمەندان بی‌و بەریوەبەریتی یەکانی خانوو بەرەو نیشتەجی کردنی پاریزگاکانی هەریمی پیوە دەبەستریتەوە.

ماددەی پینجەم:

١- ئەرکو تایبەتکاری‌یەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بەپەیرەویک دیاری دەکرین.

٢- وەزیری بوی هەیە لەکاتی پیویستی‌دا بەریوەبەریتی یابەش یالقی نوی پیک بینی یالە یەکیان بدا.

٣- وەزیر بوی هەیە لەچوار چیوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دەستەی کاتی بوجی‌بەجی کردنی ئەرکیکی دیاریکراو پیکبینی.

ماددەی شەشەم: وەزارەت بەردەوام دەبی لەسەر بەریوەبردنی کاروباری تاقیگەکانی بیناکاری (المختبرات الانشائیە) وسەرپەرشتی کردنیان هەتا ئەو کاتەی دەزگایەکی ناوەندی یان لەهەریمدا بوپیکدەهینری

ماددەی حەوتەم: گشت مالومولک و مافەکانی وەزارەتی نیشتەجی کردنو ئاوەدانکردنەوەی ناوەندی کە بوونەتە تایبەتکاری وەزارەت دەبنە مالومولکی وەزارەت.

ماددەی هەشتەم: کشت کارکەرانی وەزارەت دەکەونە ژێر رکێفی یاسای خزمەتو میلا کەوە .

ماددەی نویەم: وەزیر بۆ ی هەیە رینمایيی پيویست بو ئاسانیی جیبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا .

ماددەی دەیەم : کاربەهیچدەقێک ناکری کەلەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەداناکوک بی .

ماددەییازدەیەم: دەبی ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئە م یاسایە جی بە جی بکا .

ماددەی دوانزدەیەم: ئەم یاسایە لەرۆژی بلاو کردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پیدەکری .

جوهر نامق سالم
سەروکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
عیراق

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە
.بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بریار ٣٣
میژووی بریار ٣/ ٧ / ١٩٩٣

بەپیی حوکمی برگەی(١) لەماددەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی سالی ١٩٩٢ و لە سەر پیشنیازی وەزیری ئابووری و دارایی سەردانی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی ١٣/٦/١٩٩٣ دا بریاری دەرکردنی ئەیاسایەیدا :-

**یاسای ژمارە ( ١٤ ) ی سالی ١٩٩٣**
**یاسای یەکیتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەریمی کوردستانی عیراق**

**بەشی یەکەم**

**( پیناسەکان )**

**ماددەی یەکەم /** مەبەست لەو وشانەی خوارەوە بو مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە :

١ - کوردستان : کوردستانی عیراق
٢ - هەریم : هەریمی کوردستانی عیراق .
٣ - ئەنجوومەنی وەزیران :ئەنجوومەنی وەزیرانی هەریم
٤ - یەکیتی : یەکیتی ی ژوورەکانی پیشەسازیی هەریم
٥ - ئەنجوومەنی ژوور : ئەنجومەنەکانی یەکیتی ژوورەکان .
٦ - ئەنجومەنی ژوور : ئەنجومەندەکانی ژوورەکانی بازرگانیی و پیشەسازی لە پاریزگاکانی هەریمدا
٧ - ئەندام : بازرگان یان پروژەی پیشەسازیکە ریگەی دامەزرانی بەپیی یاسای دارایی بەو مانایەی کە ئەندامیکی تومارکرا لە یەکی لە ژوورەکاندا .

**بەشی دووەم**
**دامەزراندنو ئامانجەکانی**

**لقی یەکەم**
**یەکیتی**

**ماددەی دووەم /**
١ - بەپیی ئەم یاسایە یەکیتییەک دادەمەزری بەناوی